# راڤـــەی

# (( شەش بنەماکە ))

نوسینی شەیخ الاسلام:
موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی سولەیمانی ئەلتەمیمی
(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)


بە پێنووسی:
## شەیخ هەیسەم موحەممەد سەرحان
مامۆستا لە پەیمانگای مزگەوتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)
لە پێشاندا وە سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە .

## پێشەکی:

### بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

إنَّ الحَمْـدَ لله نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِيْنُهُ وَنَسْـتَغْفِرُهُ وَنَعُـوْذُ بـالله مِـنْ شُـرُوْرِ أَنْفُسِـنَا وَمِـنْ سَـيِّئَاتِ أَعْمَالِنَـا مَـنْ يَهْـدِه اللهُ فَـلا مُضِـلَّ لَـهُ وَمَـنْ يُضْلِـلْ فَـلا هَـادِيَ لَـهُ. وَأَشْـهَدُ أَنْ لا إِلَـهَ إِلاّ اللهُ وَحْـدَهُ لا شَـرِيْكَ لَـهُ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا عَبْـدُهُ وَرَسُـوْلُه.

قَالَ تَعَـالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ آل عمـران: ١٠٢

قَالَ تَعَـالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النسـاء: ١

قَالَ تَعَـالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحـزاب: ٧٠ - ٧١

**أما بعد:** پێویستە لەسەر قوتابی زانست و زانیاری سوور بێت لەسەر شارەزابوونێکی تەواوی بنەما و بنچینەکان کە شەرع هێناویەتی، وە لە گرنگترین ئەو نامە و پەیامە کورتانەی کە بایەخ بە ئەم لایەنە دەدات، ئەم پەیامە بە بەهایەی شەیخ الاسلام موحەممەدی کوری عەبدولوەهاب ی کوری سولەیمانی ئەلتەمیمییە (رەحمەتی خوای لێبێت) (لە ساڵی ١٢٠٦ کۆچی وەفاتی کردووە)، ناوی لێناوە: (شەش بنەماکە)، ئەویش پەیامێکە کە زانایان بایەخی تەواویان پێداوە بە بایەخێکی گەورە، نوسەر شەش بنەمای هێناوەتەوە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئیقراریان کردووە، بە ئیقرارێکی روون و ئاشکرا، لە گەڵ ئەوەیشدا

زۆرێـك لـە خەڵكی هەڵەیـان تێـدا كـردووە و لایانـداوە لـەوەی خـوای گـەورە دایرشـتووە.

وە لـە راڤـەی ئـەم پەیامـەدا رێگـای خشـتە كردنـی بابەتەكەمـان بـە كار هێنـاوە ، لەبـەر سـووك و ئاسـانی، وە پشـتمان بـە راڤـەی شـەیخ (محمـد بـن صالـح العثیمیـن) بەسـتووە ( كـە لـە سـاڵی ١٤٢١ كۆچـی وەفاتـی كـردووە)، لـە گـەڵ زیـاد كردنـی هەنـدێ راڤـەی كـەم لـە هـەر كوێیەكـدا پێویسـتی بـووە .

داوا لــە خــوای گــەورە دەكەیــن ئــەم كارەمــان تەنهــا لــە پێنــاوی ئــەودا كردبێــت، وە ئــەم كتێبــە نوســەر و خوێنەرەكــەی ســوودی لــێ ببینــن .

وصلى الله وسلّم على رسول الأمين
وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى
يوم الدين والحمدلله رب العالمين

## پێشەکی کتێبەکە:

نوسەر دەڵێت:

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

لە سەیرترین شتە سەیرەکان و گەورەترین نیشانە کە بەڵگەن لەسەر توانای خوای پادشای زاڵی دەسەلاتدار ، شەش بنەمایە کە خوای گەورە روونی کردووەتەوە بە روونکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ خەڵکی عەوام لەسەرووی ئەوەی کە گومان لێکەران گومانی لێ دەکەن .

لەپاش ئەمەش زۆربەی زیرەکەکانی جیهان و ژیرەکانی نەوەی ئادەم هەڵەیان تیایدا کردووە، ئیللا کەمێکی کەم نەبێ.

### پوختەی شەش بنەماکە:

| | |
|---|---|
| **بنەمای یەکەم:**<br>ئیخلاص و دڵسۆزی و روونکردنەوەی دژەکەی کە شیرکە . | **بنەمای دووەم:**<br>کۆبوونەوە لە دیندا و نەهی کراوە لە دووبەرەکی تیایدا . |
| **بنەمای سێیەم:**<br>گوێبیست و گوێرایەڵی دەسەلاتداران و دژەکەی کە دەرچوونە لە دژیان و سەرپێچییانە. | **بنەمای چوارەم:**<br>روونکردنەوەی زانست و زانایان و فیقھ و فوقەها و روونکردنەوەی دژەکەی لەوانەی خۆیان بە ئەوان دەشوبھێنن و لەوان نین . |
| **بنەمای پێنجەم:**<br>روونکردنەوەی ئەوەی ئەولیا و خۆشەویستانی خوا کێن و روونکردنەوەی دژەکەی کە ئەولیاو خۆشەویستانی شەیتانن . | **بنەمای شەشەم:**<br>داواکردنی هیدایەت لە قورئان و سوننەت و دژەکەی کە وازهێنانە لە قورئان و سوننەت . |

## بۆ شەش بنەماکە دەخوێنین ؟

| | |
|---|---|
| ١/ چونکە زانایان ئامۆژگاریان بە خوێندنی کردووە . | ٢/ بۆزانینی شەش بنچینەکەی ئیسلام و باوەڕبوون پێی و کارکردن پێی . |

## نوسەر بە بەسمەلە دەستی پێکردووە ، ئەویش ڕێگایەکی گشتی زانایانە ، چونکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١/ وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران . | ٢/ وەکو دڵخۆشکردنێك بە فەرموودەی (كل أمر ذي بال ...) هەرچەندە فەرموودەکە (ضعيف)ـە . | ٢/ چاولێکردنی زانا پێشینەکان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. | ٣/ وەکو تەبەروکێك بە دەست پێکردن بە ناوی خوای بەخشندەوە . |

## مانای بەسمەلە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١/ بسم/ واتە : بە ناوی خواوە دەنوسم، وە پێشخستنی ناوی خوا لەبەر تەبەروك کردنە پێی، وە چونکە سوودی حەصر دەگەیەنێت . | ٢/ الله / لەفزی (الله) ناوێکە بۆ خوای گەورە دانراوە، ئەویش ئەو ناوەیە کە هەموو ناوەکانی تر شوێنی ئەو دەکەون . | ٣/ الرحمن / بە بەزەیی و ڕەحمەتی فراوان وەصف کراوە، کە هەموو دروستکراوەکان دەگرێتەوە . | ٤/ الرحيم / خاوەنی ڕەحمەتێکی بەردەوامی گەیەنەرە، کە ڕەحمەتەکەی دەگاتە ئەو بەندانەی خۆی ویستی لەسەر بێت . |

## ئایە مەبەستی نوسەر بە شەش بنەماكە حەصركردنە ؟

یاسا و ڕێساكە ئەوەیە ئەگەر باسی ژمارەیەك كرا لە قورئان یان لە سوننەتدا یان لە قسەی زانایاندا :

١/ ئەگــەر لــە دەقەكانــی كیتـــاب و ســـــوننەدا ژمـارەیـــەكمان نــەبینی لـەو ژمارەیـە زیاتـــر بێـت ئـەوا ئـەم ژمارەیـە مەبەسـتدارە، واتـە: لـەوە زیاتـر ناكرێـت، وەكـــو: پـایــەكانی ئیســـلام و پایەكانـی ئیمـان، هەروەكو لــــە فــــەرموودەكەی (جبریـل)دا هاتـووە.

٢/ وە ئەگەر لە دەقەكانی كیتاب و سـوننەدا ژمارەیەكمـان دۆزییـەوە لـەو ژمارەیـە زیاتـر بـوو ئـەوا ئـەو ژمارەیـە مەبەسـتدار نییـە، واتـە : زیـاد دەكرێتـە سـەری بـەوەی لـە كیتـاب و سـوننەدا هاتـووە، وەكـو ئـەو فەرموودەیـەی كـە دەفەرموێـت : (خمـس مـن الفطـرة ...) واتـە : پێنـج ئـاكار هـەن لـە فیترەتـن ....) وە ئـەو فەرموودەیـەی: (اجتنبــوا السـبع الموبقــات ....) واتــە: خۆتـان بـە دوور بگـرن لـە حـەوت بـە هەلاكـەت بەرەكـە ....)

## بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەك دەكرێت كەچی مەبەستدار نییە ؟

ئەمـەش لـە جـوان پەروەردەكـردن و فێركردنــی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ)، چونكـە دەیـەوێ ئـەوەی لـە مەجلیسـەكەدا باسـی دەكات بیسـەران بـە جوانـی لێـی تێبگـەن، بـۆ ئـەوەی لـە پـاش ماوەیـەك ئـەم مەسـەلانە هـەر كاتێـك بیانـەوێ لـە بـەر دەسـتیاندا ئامـادە بێـت و بـە جوانـی لـە یادیان بمێنـێ، وەكو ئـەو فەرموودەیـەی كـە دەفەرموێـت : (ثلاثـة أقسم علیهن وأحدثكم حدیثا فاحفظوه : ما نقص مال عبـد من صدقة ....) واتـە : سـێ شـت هـەن سـوێندی لەسـەر دەخـۆم و قسـەیەكتان بـۆ دەكەم و بـاش ڕەوانـی بكـەن و لـە بیـری مەكـەن : هەرگیـز لەدەقـە سـامانی بەنـدەكان كـەم ناكاتـەوە ..... )) ئیمامـی (الترمـذي) ڕیوایەتـی كـردووە، جا لەسـەر ئـەم ڕێگایـە نوسـەر چووە .

## چەند بابەتێکی گرنگ :

| ١/ ئایە شەش بنەماكە كۆدەنگی پێشینی لەسەرە ؟ | ٢/ كێ یەكەم كەس دەربارەی شەش بنەماكە كتێبی نوسیوە ؟ | ٣/ چۆن دەتوانین شەش بنەماكە زەبت بكەین و باش لێی تێبگەین؟ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ، قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵان و قسەی پێشین و پێشەوایان بەڵگەن لەسەری . | هیچ كتێبێك لە كتێبەكانی عەقیدە نییە ئیللا ئەم شەش بنەمایەی تێدایە، بەڵام یەكەم كەس لە نامەیەكدا كۆی كردبێتەوە ئەم پێشەوایە بووە . | بە زانینی هەر بنەمایەك و زانینی دژەكەی . |

## بنەمای یەکەم

نوسەر دەڵێت:
دەبێ عیبـادەت و خواپەرستـی بـە دڵسۆزی و نیازپاکییـەوە تەنها بـۆ خـوا بێـت، تـاك و تەنها و بێ هاوەڵـە، وە روون کردنـەوەی دژەکـەی کـە هاوبـەش بڕیاردانـە بـۆ خـوای گـەورە، وە زۆربـەی قورئـان بـۆ روونکردنـەوەی ئـەم بنەمایـە هاتـووە بـە چەندیـن شـێوازی جیـاواز، بـە قسـە و وتەیـەك کـە نەزانتریـن کەسـی خەڵکـی ماناکـەی دەزانێـت .
پاشـان ئـەوەی روویـدا بەسـەر زۆربـەی ئـەم ئوممەتـەدا روویـدا، شـەیتان وێنـەی دڵسـۆزی خـۆی لەسـەر شـێوەی کەمکردنـەوەی پایـەی پیاوچـاکان و کورتـرەوی لـە مافەکانیانـدا نیشـانی ئەوانـدا، وە هاوبـەش بڕیـاردان بـۆ خـوای گـەورەی لەسـەر وێنـەی خۆشویسـتنی پیاوچـاکان و شـوێنکەوتنی ئـەوان دەرخسـت.

### ئیخلاص و دڵسۆزی بۆ خوای گەورە :

ئەوەیە کە هەرکەسێك مەبەستی لە پەرستنەکەی خۆنزیك کردنەوە بێت بۆ لای خوای گەورە و گەیشتن بە بەهەشتە پایەدار و بەرێزەکەی، وە ئەمانە لە خۆ دەگرێت :

١/ دەبێت لە مەبەستیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.

٢/ دەبێت لە خۆشەویستیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.

٣/ دەبێت لە بەمەزن زانینیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە .

٤/ دەبێت لە ناوەوەو دەرەوەیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.

٥/ دەبێت لە پەرستنەکەیدا رازیبوونی هیچ کەسێکی نەوێت، تەنها خوای گەورە و گەیشتن بە بەهەشتە بەرینەکەی نەبێت .

## هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی ئیخلاص هاتوون :

١/ ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾

(الأنعام: ١٦٢)

واتە: ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: نوێژ کردن و حەیوان سەربرین و ژیان و مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، وە تەنها بۆ خوا ئەژیم وە لە پێناو خوای گەورەشدا ئەمرم ).

٢/ ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾

(البينة: ٥)

واتە : وە ئەهلی کتاب فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێ بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن بە ئیخلاص و دلسۆزی و نیاز پاکییەوە وە شەریکی بۆ دانەنێن وە لە شیرك لادەن و بێنە سەر تەوحید، وە نوێژەکانیان ئەنجام بدەن لە کاتی خۆیدا، وە زەکاتی ماڵەکانیان بدەن و چاکە لەگەڵ فەقیرو هەژارو نەداراندا بکەن، وە دینی رێك و راست و دامەزراو و چاك ئەمەیە))

٣/ ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾

(الأنبياء: ٢٥)

واتە: وە لە پێش تۆیشدا ئەی محمد (ﷺ) هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله کە تاك و تەنهاو بێ شەریکە بۆیە بەتاك و تەنها عیبادەتی من بکەن ).

## هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی ئیخلاص هاتوون :

١/ كابرایەك بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو : خوا و تۆ ویستان لەسەری بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : منت كرد بە هاوتای خوا ؟ بەڵكو خوای تاك و تەنها ویستی لەسەر بوو) ئەحمەد ریوایەتی كردووە .

٢/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( هەر كەسێ سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا كوفری كردووە یان شەریكی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە)) ئەحمەد و ئەبو داوود و (الترمذي) ریوایەتیان كردووە.

٣/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ئەی خەڵكینە ئەو قسەیەی خۆتان بكەن و وریابن شەیتان پەلكێشتان نەكات و بتانكاتە وەكیلی خۆی، من موحەممەدی كوری عەبدوڵام، بەندەی خوا و نێردراوی ئەوم، پێم خۆش نییە لە پلەوپایەی خۆم كە خوای گەورە دایناوم بەرزترم بكەنەوە)) ئەحمەد ریوایەتی كردووە.

## دژی ئیخلاص شیركە :

١/ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٨) واتـە : بـە دڵنیایـی خـوای گـەورە هەرگیـز خـۆش نابـێ لـە كەسـێك كـە شـەریك بـۆ خـوای گـەورە بریـار بـدات و لەسـەر شـیرك بمـرێ و تەوبـە نـەكات وە جگـە لـە شـەریك دانـان بـۆ خـوای گـەورە چەندێـك مـرۆڤ تاوانـی گـەورەی هەبـێ ئـەوە ئەكەوێتـە بـەر ویسـت و مەشـیئەتی خـوای گـەورە، خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بێـت لێـی خـۆش ئەبێـت بـە فەزڵـی خـۆی، وە ویسـتی لـێ بێـت سـزای ئـەدات بـە دادپـەروەری خـۆی، بـەڵام بـە هەمیشـەیی لـە ئاگـری دۆزەخـدا نامێنێتـەوە وە هـەر كەسـێك شـەریك بـۆ خـوای گـەورە بریـار بـدات ئـەوە بەدڵنیایـی درۆو بوهتـان و تاوانێكـی یەكجار گـەورەی بـۆ خـوای گـەورە هەڵبەسـتووە)) .

٢/ ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾ (النحـل: ٣٦) واتـە : وە بەدڵنیایـی ئێمـە بـۆ هەمـوو كۆمەڵـە خەڵـك و نەتەوەیـەك لـە شـوێنێك ژیابێتـن پێغەمبەرێكمان بـۆ نـاردوون ئیشـی هەمـوو پێغەمبـەران ئـەوە بـووە بـە خەڵكەكەیـان وتـووە: ئـەی خەڵكینـە بەتـاك و تەنهـا خـوای گـەورە بپەرسـتن و شـەریكی بـۆ دامەنێـن وە خۆتـان دووربخەنـەوە لـە تاغوتـەكان هەیـان بـووە خـوای گـەورە هیدایەتـی داون لەسـەر دەسـتی پێغەمبـەران وە هەیشـیان بـووە گومرایـی بەسـەریاندا جێبەجـێ بـووە لەبـەر ئـەوەی شـایەنی هیدایـەت نەبوونـە دەی ئێـوە بەسـەر زەویـدا بگەڕێـن و پەنـدو ئامۆژگاری وەرگـرن و بزانـن سـەرەنجامی ئوممەتانی پێشـتر كـە پێغەمبەرانـی خوایـان بـە درۆ زانیـوە وەكـو عـادو ثەمـودو ئەوانـە چیـان بەسـەرهاتووەو سـەرەنجامیان چـۆن بـووەو خـوای گـەورە چـۆن لەنـاوی بـردوون).

٣/ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : هەركەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە كاتێكـدا پێـی دەگـات هیـچ شـەریكێكی بـۆ بریـار نەدابێـت ئـەوا دەچێتـە بەهەشـتەوە، وە هەركەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە كاتێكـدا پێـی دەگـات شـەریكی بـۆ بریـار دابێـت ئـەوا دەچێتـە ئاگـرەوە) موسـلیم ریوایەتـی كـردووە .

## شیرك دوو جۆرە :

### ١/ شیركی گەورە:

شـیركێكە خاوەنەكـەی لـە ئیسلام دەردەكات: ئەویـش بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو شـیركەی كـە شـەرع بـە رەهایـی باسـی كـردووە، ئەویـش لـە گـەڵ تەوحیـددا جیـاوازە بـە رەهایـی .

وەكـو داواكـردن لـە خـاوەن قەبرێـك، یـان داوا بـكات لـە كەسـێكی ئامادە نەبـوو بـۆ ئـەوەی رزگـاری بـكات لـە كارێـك كـە تواناى لەسـەر نییـە ئیـللا كەسـی ئامادەبـوو نەبێـت .

### ٢/ شیركی بچووك:

خـاوەنەكـەی لــە ئیســلام دەرنـاكـات: ئەویـش بریتییـە لـە هەمـوو كارێكـی وتـن یـان كـردار بێـت و شـەرع وەصفـی شـیركی لەسـەر دابێـت، بـەڵام لـە گەڵ تەوحیـددا بـە رەهایی جیـاواز نییـە .

وەكـو : سـوێند خـواردن بـە جگـە لـە خـوا، وە ریایەكـی كـەم و بچـووك .

## جیاوازی لە نێوان شیرکی گەورە و شیرکی بچووک :

### شیرکی گەورە :

١. خاوەنەکـەی لـە ئیسلام دەردەکات .
٢. هەمـوو کـردەوەکان پووچەڵ دەکاتـەوە .
٣. خاوەنەکـەی بۆ هەتـا هەتایی لـە ئاگـردا دەهێڵێتـەوە .
٤. خوێـن و مالـی حـەڵاڵ دەکات لـە لایـەن دەسـەڵاتدارەوە .
٥. ئەگـەر بـاوەڕی وابـوو کـەوا تەصەروفێکـی شـاراوەی هەیە لـە گەردوونـدا .
٦. خـوای گـەورە لێـی خـۆش نابێـتئەگـەرلەسـەری مـرد.
٧. ئەگـەر هاتـوو بەڵگەیـەك هەبـوو کـەوا گەورەیـە (الاکبر)ــە .
٨. بـاوەڕی وا بێـت کـە جگـە لـە خـوا تەصەروفێکـی شـاراوەی هەیـە لـە گەردوونـدا، وە بـە دەسـت هێنانـی قازانـج و دوورخسـتنەوەی زیانەکانـی بـە دەسـتە .

### شیرکی بچووک :

١. خاوەنەکـەی لـە ئیسلام دەرنـاکات .
٢. کـردەوەی تایبـەت پووچـەڵ دەکاتـەوە .
٣. خاوەنەکـەی بۆ هەتـا هەتایی لـە ئاگـردا ناهێڵێتـەوە .
٤. خوێن و مالی حەڵاڵ نابێت .
٥. ئـەوەی خـوای گـەورە نەیکردووەتـە هـۆکار ئـەم بـە هـۆکاری بزانێـت .
٦. بـۆ لێخۆشـبوونی ئەگـەر بمرێـت لەسـەری جیاوازی هەیـە لـە نێـوان زانایانـدا .
٧. ئەگـەر هاتـوو لـە شـەرعدا بەڵگەیـەك هەبـوو کـە بچووکـە (الاصغر)ــە .
٨. وە هـەر شـتێك وەسـیلەیەك بێـت بـۆ شـیرکی گـەورە ئـەوا شـیرکی بچووکـە .
٩. هەمـوو ئـەوەی لـە دەقـە شـەرعییەکاندا بـە (شـرك) یـان (کفـر) ناویـان هاتـووە و بـە (ال)ی تەعریـف تەعریـف نەکرابـوون ئـەوە ئەسـڵ و بنەمـا ئەوەیـە کـە بچووکـە .

## ترسان له‌ شیرك :

شیرك زۆر شاراوه‌یه‌، ئه‌وه‌تا خۆشه‌ویستی ره‌حمان و پێشه‌وای یه‌كتاپه‌رستان (ئیبراهیم) لێی ترساوه‌، هه‌روه‌كو خوای گه‌وره‌ ده‌رباره‌ی فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴾ إبراهیم: ٣٥) واته‌ : و وه‌ خۆم و نه‌وه‌كانم بپارێزه‌ له‌وه‌ی كه‌ بت بپه‌رستین) ئیبن ئه‌بی موله‌یكه‌ وتویه‌تی : به‌ سی كه‌س له‌ هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ری خوادا (ﷺ) گه‌یشتم هه‌موویان ترسی دووروویيان له‌ خۆیان هه‌بوو )) جا هیچ كه‌سێك له‌ دوورووی ته‌ئمین نییه‌ ئیللا كه‌سی دووروو نه‌بێت، وه‌ هیچ كه‌سێك له‌ دوورووی ناترسێت ئیللا كه‌سی ئیماندار نه‌بێت، وه‌ ترسان له‌ شیرك به‌م رێگایانه‌ ده‌بێت :

١/ به‌ فێربوونی ته‌وحید و كاركردن پێی و بانگه‌وازكردن بۆی و ئارامگرتن له‌سه‌ری .

٢/ خوێندنه‌وه‌ و دیراسه‌ت كردنی شیرك و زانینی هۆكار و پاڵنه‌ره‌كانی، بۆ ئه‌وه‌ی لێی دوور بكه‌وینه‌وه‌ .

٣/ پارانه‌وه‌ و پشت به‌ستن به‌ خوا .

٤/ به‌ریبوون له‌ شیرك و ئه‌هله‌كه‌ی و دوور كه‌وتنه‌وه‌ لێیان، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بێته‌ یه‌كێك له‌وان .

## بنەمای دووەم:

خـوای گـەورە فەرمانـی کـردووە بـە یەکدەنگـی لـە دینەکەیـدا, وە نەهـی کـردووە لـە جیابوونـەوەو دووبەرەکـی تیایـدا .
خـوای گـەورە ئەمـەی بـە شـێوەیەك روون کردووەتـەوە کـە خەڵکـی عەوامیـش لێـی تێدەگـات، وە نەهـی لێمـان کـردووە وەکـو ئەوانـەی پێـش خۆمـان ببیـن، ببـوون بـە کۆمـەڵ کۆمـەڵ و پشتیان لەیـەك کـرد بۆیـە خـوای گەورە لەنـاوی بـردن، وە خـوای گەورە باسـی ئـەوەی کـردووە کـەوا فەرمانـی بـە پێغەمبـەران کـردووە کـە یەکدەنگبـن لـە دینەکـەدا و نەهـی لـێ کـردوون دووبەرەکـی تیایـدا بکـەن .
ئـەو باسـەش زیاتـر روون دەبێتـەوە کـە لـە سوننەتدا بەسـەیرترین شـێوە باسـکراوە .
پاشـان کارەکـە وای لێهاتـووە کـە دووبەرەکـی لـە بنەمـا و لقەکانـی دینـدا بووەتـە زانسـت و فیقهـ لـە دینـدا، وە کاری یەکدەنگی لە دیندا وای لـێ هاتووە هیـچ کەسـێ نایلێـت ئیللا کەسـی زەندیـق یـان شـێت نەبێـت.

### هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی یەکدەنگی هاتوون لە قورئانی پیرۆزدا:

١) ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ﴾(آل عمـران: ١٠٣) واتـە : وە ئێـوە هـەر هەمووتـان دەسـت بگـرن بـە حەبـل و پەتـی خـوای گەورەوە واتـە: بـە دینـی خـواو بـە ئیسـلام و بـە قورئـان وە بـەڵام تەفرەقـە مەکـەن و پارچـە پارچـەو بـەش بـەش و پەرتـەوازە مەبـن وەیـادی ئـەو نیعمەتانـەی خـوای گـەورە بکەنـەوە بەسـەرتانەوە کاتێـك کـە ئێوە(ئـەوس و خـەزرەج) دوژمنـی یەکتـری بـوون وە خـوای گـەورە دڵـی یەکخستن و بەهـۆی نیعمـەت و دینەکـەی خـوای گـەورە کردنـی بـە بـرای یەکتـری وە ئێـوە لەسـەر لێـواری چاڵـی ئاگـری دۆزەخ بـوون کـە بـەو حاڵـە بمردنایـە ئەچوونـە ئاگـری دۆزەخ چونکـە کافـر بـوون خـوای گـەورە لـەو کوفـرە وە لـەو ئاگـری دۆزەخ ئێـوەی ڕزگـار کـرد بەهـۆی پێغەمبـەری خـواوە )

٢) ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (آل عمـران: ١٠٥) واتــە : وە ئێـوەی موسـڵمان وەك ئـەو كەسـانە مەبـن كـە تەفرەقەیـان كـرد، واتـە: جوولەكـەو گـاور كـە دینەكەیـان پارچـە پارچـە كـردو بوونـە بـەش بەشـەوە، وە ئیختیـلاف و جیـاوازی و ناكۆكـی كەوتـە نێوانیانـەوە لـە دوای ئـەوەی كـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشـكرایان لەلایـەن خـوای گـەورەوە بـۆ هـات وە ئـەم كەسـانە سـزایەكی زۆر گەورەیـان بـۆ هەیـە)

٣) ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ﴾ (الأنعام: ١٥٩) واتـە : ئـەو كەسـانەی كـە دینەكەیـان بـەش بـەش و پارچـە پارچـە كـردووە ئـەی محمـد (ﷺ) تـۆ لـەوان نیـت و تـۆ بەریـت لـەوان و لـە كـردەوەی ئـەوان لـە تەفرەقـەو پارچـە پارچەیـی )

٤) ﴿ وَلَا تَنَٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ (الأنفال: ٤٦) واتە : وە كێشـەو ناكۆكـی لـە نێوانتانـدا نەبێـت، چونكـە ئەبێتـە هـۆی فەشـەل و دۆڕاندنتـان وە هێـزو قـوەت و سـەركەوتنتان ئـەڕوات و نامێنێـت) .

## هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی یەکدەنگی هاتوون لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) :

١/ (مووسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکات، وە شەرمەزاری ناکات کاتێك داوای یارمەتی لێ بکات، وە رقی لێی نابێتەوە، تەقوا ئا لێرەیە، تەقوا ئا لێرەیە وە ئاماژەی بۆ سینگی دەکرد بەسیەتی کەسێك هێندە خراپەی تێدا بێت کە رقی لە برا موسڵمانەکەی بێت، هەموو موسڵمانێك بۆ هەموو موسڵمانێك حەرامە، خوێنەکەی و ناموسەکەی (کەسایەتییەکەی) و سامانەکەی ) متفق علیە.

٢/ (( حەسوودی بە یەکتر مەبەن، وە رقتان لە یەکتر نەبێت، وە سیخوڕی بەسەر یەکەوە مەکەن، وە گوێقلاّغی قسەی یەکتر مەبن، وە نرخی ماڵی کەس بەرز مەکەنەوە بە بێ ئەوەی مەبەستی کڕینی بێت، وە ببنە بەندەی خوا و برای یەکتر )) متفق علیە.

٣/ (( ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو جەستەیەکە یەکتر بۆ لای یەکتر رادەکێشن (یەکتر بەهێز دەکەن)) متفق علیە .

وە لەبەرانبەر ئەمەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی کردووە لە هەموو ئەوەی ببێتە هۆی دووبەرەکی نێوان موسڵمانان و دوور کەوتنەوەیان لەیەکتر، وە هانی داوین بۆ خۆشەویستی و بەزەیی هاتنەوە بە یەکتردا بە قسەو کرداری .

## کاری هاوەڵان :

لـە نێـوان هاوەڵانـدا جیـاوازی ڕوویـداوە، بـەڵام تەفریقـەو دوژمنایەتـی و ڕقلێبوونـەوە رووی نـەداوە، لـە نمونەی جیـاوازی لە سـەردەمی پێغەمبەری خـوادا (ﷺ)، ئـەوە بـوو لـە پـاش غـەزای ئەلئەحـزاب فەرمـووی : (( هیـچ یەکێـك لـە ئێـوە نوێـژی عەسر نـەکات لـە بەنـی قورەیـزە نەبێـت)) متفق علیـە، کاتێـك لـەوە ترسـان کاتـی نوێژەکـە نەمێنێـت هەندێکیـان وتیـان : گوێبیسـت و گوێڕایـەڵ بوویـن، بـەڵام ئەوانیتـر وتیـان : لـە کاتـی خۆیـدا نوێـژ دەکەیـن، چونکـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) مەبەسـتی ئـەوە بـووە کـە پەلـە بکەیـن لـە دەرچوونـدا، وە هیـچ یەکێك لـەوان ئەوانیتری سەرزەنشت نەکـرد .

## کاری پێشین ڕەحمەتی خوایان لێ بێت

لە بنەماکانی ئەهلی سوننە و جەماعە لە بابەتە ناکۆکەکاندا ئەوەیە : ئەگەر ناکۆکییەکە لە ئیجتیهادەوە سەرچاوەی گرتبوو، وە ئەو بابەتانە بوو کە ئیجتیهاد تیایدا جێی دەبێتەوە، ئەوا هەندێکیان بیانوویان بۆ ئەوانیتر دەهێنایەوە و هیچ بوغز و قینیان بەرانبەر بە یەکتر هەڵنەدەگرت .

## لە نمونەی کۆك بوون لەسەر شەریعەتی ئیسلام :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆکین لەسەر پەرستنی تەنها یەك خوا . | وە شوێنی یەك پێغەمبەر (ﷺ) دەکەوین . | وە بە یەك شەریعەت کار دەکەین . | یەك خەلیفەمان هەیە. | قیبلەمان یەکە . |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە هەموو گەڕەکێکدا ڕۆژانە پێنج جار کۆ دەبینەوە بۆ نوێژە فەرزەکان . | وە خەڵکی شار لە هەموو ڕۆژێکی جومعەدا کۆ دەبنەوە. | وە لە هەموو جەژنێکدا کۆ دەبینەوە تەنانەت منداڵان و ئافرەتانیش بەڵام بە بێ تێکەڵ بوون . | وە خەڵکی هەموو وڵاتەکان ساڵانە لە عەرەفە کۆ دەبنەوە . |

## بنەمای سێیەم:

لـە کامـل بوونـی کۆدەنگـی و ئیجتیمـاع ئەوەیـە : گوێبیسـتی و گوێڕایەڵـی ئـەو کەسـەی دەبێتـە دەسـەڵاتدار بەسـەرمانەوە، هەرچەنـدە کۆیلەیەکـی حەبەشـیش بێـت .
خوای گـەورە ئـەم باسـەی ڕوون کردووەتەوە بـە ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوون، بەچەنـد شـێوەیەك لـە شـێوەکانی ڕوونکردنـەوە هـەم وەکـو شـەرع و هـەم وەکـو قـەدەر، پاشـان ئـەم بنەمایـە وای لێهاتـووە کـە زۆرێـك لەوانـەی بانگەشـەی زانسـت دەکـەن نایزانـن، چ جـا کار پـێ کردنـی؟

**گوێبیستی و گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار بەم ڕێگایانە دەبێت :**

١/ جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی .

٢/ وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی .

**هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی واجیب بوونی گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار هاتووە لە قورئاندا :**

١/ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾ (النسـاء: ٥٩) واتـە : ئـەی ئـەو کەسـانەی کـە ئیمانتـان هێنـاوە گوێڕایەڵـی خـواو گوێڕایەڵـی پێغەمبـەری خـوا بکـەن وە ئەوانـەی کـە فەرمانـڕەواو کاربەدەسـتی ئێـوەن چ فەرمانڕەوایـان وە چ زانایـان هەردووکـی ئەگرێتەوە لـە چاکـەدا بـەڵام لـە خراپـەو تاوانـدا گوێڕایەڵـی بـۆ کـەس نییـە)

٢/ ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾ (الأنفـال: ٤٦) واتـە : وە گوێڕایەڵـی خـواو پێغەمبـەری خـوا بکـەن، وە کێشـەو ناکۆکـی لـە نێوانتانـدا نەبێـت، چونکـە ئەبێتـە هـۆی فەشـەل و دۆڕاندنتـان وە هێـزو قـوەت و سـەرکەوتنتان ئـەڕوات و نامێنێـت)

٣/ ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ﴾ (آل عمران:١٠٣) واتە : وە ئێوە هـەر هەمووتـان دەست بگـرن بـە حەبـل و پەتـی خـوای گـەورەوە واتـە: بـە دینـی خـواو بـە ئیسلام و بـە قورئـان وە بـەلام تەفرەقـە مەكـەن و پارچـە پارچـەو بـەش بـەش و پـەرتـەوازە مەبـن )

## هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی واجیب بوونی گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار هاتوون لە سوننەتدا :

١/ (بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵی كردن لە كاتی گورج و گۆڵی (چابووكی) و سستیماندا (واتە : لە گران و ئاساندا)، وە لە كاتی تەنگانە و فەرحانیدا، وە لە سەر هەر پێشخستنێك پێشمان بخرێت، وە كێشمەن كێش لەسەر دەسەڵات نەكەین، فەرمووی : ئیللا مەگەر كوفرێكی ئاشكرایان لێ ببینن كە لە لایەن خوای گەورەوە بەڵگەیەكتان لەسەری هەبێت) متفق علیه

٢/ (هەركەسێك لە ئەمیرەكەی شتێكی بینی ئەوا با ئارام بگرێت، چونكە ئەگەر هەركەسێك لە كۆمەڵی موسڵمانان جیا ببێتەوە بە ئەندازەی بستێك و بمرێت ئەوا مردنەكەی مردنێكی نەفامانەیە) متفق علیه.

٣/ (( هەركەسێ دەستی گوێڕایەڵی داماڵی ئەوا دەگاتە خواكەی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا لە كاتێكدا پێی دەگات هیچ بەڵگەیەكی نییە )) موسلیم ڕیوایەتی كردووە.

## ئەو کەسەی تەماشای حاڵی ئەم ئوممەتە بکات
## بە درێژایی مێژوو دەبینی :

١/ کاتێك دەستیان گرتبوو بە دینەکەیانەوە، لەسەری کۆبوونەوە، دەسەڵاتدارەکانی خۆیانیان بە مەزن تەماشا دەکرد، لە چاکەدا گوێڕایەڵیان بوون، ئەوا دەسەڵاتداری و دەرکەوتنیان لەسەر زەویدا هەبوو .

٢/ وە ئەوەی ڕوویدا کە ڕوویدا و لە دینەکەیاندا جیاواز و ناکۆك بوون، وە یاخی بوون لە پێشەواکانیان و لە دەژیان دەرچوون، وە لە ناو خۆیاندا بوون بە چەند تاقمێکەوە، ئەو کات هەیبەتیان لە دڵی دوژمنانیاندا دەرچوو و نەما، وە دووبەرەکی کەوتە ناویان و شکستیان خوارد و ناوبانگیان نەما، وە هەموو ئوممەتان سەریان کردە سەر ئەم ئوممەتە، هەروەکو کەفی سەر دەریایان لێ هات .

## ئەوەی پێویستە لەسەرمان وەکو دەسەڵاتدار و ژێردەستە :

هەستین بەوەی خوای گەورە واجیبی کردووە لە سەرمان لە خۆشویستنی یەکتر و هاوکاری یەکتر لەسەر چاکەکاری و تەقوا، وە کۆبوونەوە لەسەر بەرژەوەندییەکان، وە لەسەر حەق کۆ ببینەوە و هاوکاری یەکتر بکەین لەسەری، وە لە هەموو کردارەکانماندا ئیخلاصمان هەبێت، وە هەموومان هەوڵ بدەین بۆ یەك ئامانج کە ئەویش چاککردنی ئەم ئوممەتەیە بە ئیصلاحێکی دینی و دونیایی بە گوێرەی توانا، وە ئەوەیش ڕوو نادات تاوەکو یەك دەنگ نەبین، وە واز بهێنین لە دژایەتی کردنی یەکتر و دووبەرەکی .

## بنەمای چوارەم:

روونکردنـەوە و ناسینی زانست و زانایان و فیقهـ و فەقیهـەکان بـۆ خەڵکی, وە روونکردنـەوەی ئەوانـەی کـە خۆیـان بـە زانایـان دەشـوبهێنن و کەچـی لەوانیـش نیـن .

خـوای گـەورە ئـەم بنەمایـەی لەسـەرەتای سـورەتی (البقـرە) روون کردووەتـەوە لـەو ئایەتـەوە کـە دەفەرموێـت : ﴿ يَـٰبَنِيٓ إِسۡرَـٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ ﴾ (البقـرە: ٤٠) واتـە : ئـەی نەوەکانـی ئیسـرائیل یـادی ئـەو نیعمەتانـەی مـن بکەنـەوە کـە رژانـدم بەسـەرتاندا)). تاکـو ئـەو ئایەتـەی پێش باسکردنی ئیبراهیم - علیه السلام- : ﴿ يَـٰبَنِيٓ إِسۡرَـٰٓءِيلَ ﴾ (البقرە: ١٢٢) وە زیاتـر روون دەبێتـەوە : ئـەوەی سـوننەت بـە راشـکاوی باسـی کـردووە لـەم بارەوە لـە چەندین فەرموودەی روون و ئاشکرا تەنانـەت- بـۆ کەسـی عەوامـی گێلـی نـەزان .

پاشـان ئەمـە بووەتـە نامۆتریـن شـت، تـا وای لـێ هاتـووە کـە زانسـت و فیقهـ بووەتـە بیدعـەو گومرایـی, وە باشـترین بـژاردە کـە هەیانبـێ : تێکەڵکردنـی حەقـە بـە ناحـەق، وە وای لێهاتـووە ئـەو زانسـتەی کـە خـوای گـەورە فـەرزی کـردووە لەسـەر خەڵکـی و پیایـدا هەڵنـاوە، هیـچ کەسـێ نایڵێـت ئیلـلا کەسـێکی زەندیـق یـان شـێت نەبـێ، وە وای لێهاتـووە ئـەو کەسـەی کـە ئینکاری لـێ دەکات و دژایەتـی دەکات و کتێبـی نووسـیوە دەربـارەی وریاکردنـەوەی خەڵکـی لێـی و نەهـی کـردن لێـی بووەتـە کەسـێکی فەقیهـ و زانـا.

## زانست دوو جۆرە :

| | |
|---|---|
| ١/ زانستی شەرعی و ئەوەی پەیوەستە پێوە :<br>ئەویش ئەو زانستەیە کە خوای گەورە دایبەزاندووەتە سەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە ڕوونکەرەوەیەکی ئاشکراو دیار و هیدایەت .<br>ئەویش ئەو زانستەیە کە مەدح و ستایشێکی ڕەهای تێدایە، ئەویش ئەصل و بنەمایە دواندن و خیتابی کیتاب و سوننەیە . | ٢/ زانستی دونیایی :<br>وەکو زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و جگە لەوانە، ئەوانەیش چەند حاڵەتێکی هەیە : |

| | | |
|---|---|---|
| أ / ئەگەر وەسیلەیەك بوو بۆ خەیر و چاکە ئەوا خەیر و چاکەیە . | ب / وە ئەگەر وەسیلەیەك بوو بۆ خراپە و ئەوا خراپە . | ج / وە ئەگەر وەسیلەیەك نەبوو بۆ ئەمیان بۆ ئەویان ئەوا کات بەسەر بردن و لەغووە . |

## هەندێ لەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی مەدحی زانست و ستایش کردنی :

١/ ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ (الزمر:٩) واتە : ئایا زانایان وەکو نەزانان وان لە دیندا؟ واتە: هەرگیز یەکسان نین بەڵکو تەنها ئەو کەسانە بیر ئەکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەرئەگرن کە خاوەنی عەقڵ و ژیرین) .

٢/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( پێغەمبەران دینار و دەرهەمیان بە جێ نەهێشتووە بەڵکو زانستیان بە جێ هێشتووە، جا هەرکەسێ لەو زانستەی برد ئەوا بە ناوچاوانێکی چاکەوە بردوویەتی)) ئەحمەد و هەندێ لە خاوەن سوننەکان ڕیوایەتیان کردووە .

٣/ (هەرکەسێ خوای گەورە خەیری بۆی بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شارەزای دەکات) متفق علیه.

## لە فەزڵەكانی زانست :

١/ خـوای گـەورە ئەهلـی زانسـت و زانیـاری بـەرز دەكاتـەوە لـە دونیـادا لـە نێـو بەندەكانیـدا بـە پێـی ئـەو كارەی ئەنجامیـان داوە، وە لـە دوارۆژیشـدا پلەیـان لـە بەهەشـتدا بـەرز دەكاتـەوە .

٢/ یەكێـك لەوانەیـە كـە بـۆ مرۆڤـەكان دەمێنێتـەوە لـە پـاش مردنـی، ((ئەگـەر بەندەیەك وەفاتی كرد ئـەوا چیتـر كردەوەكانی دەبچڕێ جگە لە سێ كردەوە نەبێ: خێرێكی بـەردەوام، زانستێك سوودی لـێ ببینـرێ، ....)) موسلیم ریوایەتی كردووە .

٣/ حەسوودی تێدا دروستە : ((ئیرەیی و حەسودی نیە مەگەر لە دوو شتدا : پیاوێك خوا ماڵ و سامانێكی پێبەخشی بێت و دەسەڵاتی ئەوەی پێدابێت لە حەقدا بەكاری بهێنێ، وە پیاوێك خوا حیكمەتێكی پێدابێت ئەویش دادوەری پێ بكات و خەڵكی پێ فێر بكات)) متفق علیه

٤/ ئەوە میراتی پێغەمبەرانە : ((بەڵكو زانستیان بە میرات بە جێ هێشتووە))

٥/ ئەوە رووناكییەكە بەندە رێگای خۆی پێ رۆشن دەكاتەوە و بەو زانستە دەزانێت چۆن خواكەی خۆی دەپەرستێت و چۆن مامەڵە دەكات لە گەڵ كەسانی تردا .

٦/ زانایان روناكین رێگای خەڵكی رۆشن دەكەنەوە لە كاروباری دین و دونیایاندا .

## ئەوەی پێویستە لەسەرمان :

پێویستە لەسەرمان بزانین زانایان كێن بەراستی، ئەوانیش ئەو زانا رەببانییانەن كە خەڵكی پەروەردە دەكەن لەسەر شەریعەتەكەی پەروەردگاریان .

## بنەمای پێنجەم:

نوسەر دەڵێت :
ڕوونکردنـەوەی خـوای گـەورە بـۆ دیـاری کردنـی سیفاتی ئەولیاکانـی خـۆی و جیاکردنـەوەیـان لـە گـەڵ ئـەو کەسانـەی خۆیـان دەچوێنـن بـە ئـەوان لـە دوژمنانـی خـوای گـەورە، لـە دوورووەکان و خراپـەکاران .
وە بـۆ ئـەم باسـە ئـەو ئایەتـەی سـورەتی (ئاڵ عمـران) بەسـە کـە دەفەرموێـت:﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ ﴾ آل عمـران:٣١ واتـە : ئـەی موحەممـەد پێیـان بفەرمـە: ئەگـەر ئێـوە ڕاسـت ئەکـەن خـوای گەورەتـان خـۆش ئـەوێ ئـەوە شـوێن مـن بکـەون ئـەوە ئـەو کاتـەش خـوای گـەورە ئێـوەی خـۆش ئـەوێ).
وە ئـەو ئایەتـەی سـورەتی (المائـدە) کـە دەفەرموێـت : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾ المائـدة : ٥٤ واتـە : ئـەی بـاوەڕداران هـەر کەسـێك لـە ئێـوە لـە دینەکـەی خـۆی پاشـگەز بێتـەوە هەڵگەڕێتـەوە ئـەوە خـوای گـەورە زەرەر و زیانـی پێناگـات ، بەڵکـو خـوای گـەورە ئێـوە لـە نـاو ئەبـات و کەسـانێکی تـر دێنـێ کـە خـوای گـەورە ئـەو کەسـانەی خـۆش ئـەوێ وە ئەوانیـش خـوای گەورەیـان خـۆش ئـەوێ).
وە ئـەو ئایەتـەی سـورەتی (یونـس) کـە دەفەرموێـت :﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣ ﴾ یونـس: ٦١ - ٦٣ واتـە : ئاگـادار بـن و بزانـن کـە بەڕاسـتی ئەولیـاو دۆسـتان و خۆشەویسـتانی خـوای گـەورە هیـچ ترسـێکیان لەسـەر نییـە لـە داهاتوویاندا لـە قیامەتـدا، وە هیـچ خەفەتێکیـش ناخـۆن لـەوەی کـە بەجێیـان هێشـتووە لـە دونیـا چونکـە خـوای گـەورە باشـترو چاکتریـان پـێ دەبەخشـێت(٦٢) ئـەو کەسـانەن کـە بـاوەڕدارو ئەهلـی تەوحیـدن بەتـاك و تەنهـا خـوای گەورە ئەپەرسـتن و یەکخواپەرسـتن وە تەقـوای خـوای گـەورە ئەکـەن و خۆیـان لـە تـاوان ئەپارێـزن (٦٣).
پاشـان کارەکـە وای لێهاتـووە لای زۆربـەی ئـەو کەسـانەی بانگەشـەی زانسـت

دەکـەن و ڕێنمایـی خەڵکـی دەکـەن و پارێـزەری شـەرعن، کـەوا ئەولیـاکان پێویسـتـە وازیـان لـە شـوێنکەوتنی پێغەمبـەران هێنابـێ، وە هەرکەسـێ شوێنی پێغەمبـەران بکـەوێ ئـەوا لـەوان نییـە. وە پێویسـتە وازی لـە جیهاد هێنابێـت، وە هەرکەسـێ جیهـاد بـکات ئـەوا لـەوان نییـە، وە پێویسـتـە وازی لـە ئیمـان و تەقـوا هێنابێـت، وە هـەر کەسـێ دەسـتی بـە ئیمـان و تەقـواوە گرتبێـت ئـەوا لـەوان نییـە ! ئـەی پەروەردگـارا ... داوای لـێ خۆشـبوون و سـەلامەتیت لـێ دەکەیـن، هـەر تـۆ بیسـەری نزاکانـی .

## چۆن ئەولیا و خۆشەویستانی خوا بناسین ؟

ئـەو کەسـانەن کـە باوەڕیـان بـە خـوا هێنـاوە و لـە خـوا دەترسـن و بـەردەوام و سـەقامگیرن لـە سـەر دینەکەیـان، خـوای گـەورە فەرموویەتـی:

﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ۝٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ۝٦٣﴾ یونـس: ٦١ - ٦٣ واتـە : وە ئاگـادار بـن و بزانـن کـە بەڕاسـتی ئەولیـاو دۆسـتان و خۆشەویسـتانی خـوای گـەورە هیـچ ترسـێکیان لەسـەر نییـە لـە داهاتوویانـدا لـە قیامەتـدا وە هیـچ خەفەتێکیش ناخـۆن لـەوەی کـە بەجێیـان هێشـتووە لـە دونیـا چونکـە خـوای گـەورە باشـترو چاکتریـان پـێ دەبەخشـێت (٦٢) ئـەو کەسـانەن کـە بـاوەڕدارو ئەهلـی تەوحیـدن بەتـاك و تەنها خـوای گـەورە ئەپەرسـتن و یەکخواپەرسـتن وە تەقـوای خـوای گەورە ئەکـەن و خۆیـان لـە تـاوان ئەپارێـزن(٦٣).

بانگەشـە کردنـی ویلایـەت و خۆشەویسـتی خـوا تەزکیـەی نەفسـی تێدایـە، ئەمـەش جیاوازە لـە گـەڵ تەقـوای خـوای گـەورەدا، خـوای گـەورە فـەرموویەتی:

﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ۝٣٢﴾ النجـم: ٣٢ واتـە : بۆیـە ئێـوە نەفسـی خۆتـان پـاك مەکەنـەوەو مەدحـی خۆتـان مەکـەن خـوای گـەورە خـۆی زاناتـرە بـەو کەسـانەی کـە تەقوای خـوای گەورە ئەکـەن و خۆیـان لـە تـاوان ئەپارێـزن).

## چۆن ئەولیا و خۆشەویستانی خوا بناسین ؟

١/ ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ﴾ آل عمـران: ٣١ واتـە : ئـەی محمـد(ﷺ) پێیـان بفەرمـە: ئەگـەر ئێـوە ڕاست ئەكـەن خـوای گەورەتـان خـۆش ئـەوێ ئـەوە شـوێن مـن بكـەون ئـەوە ئـەو كاتـەش خـوای گـەورە ئێـوەی خـۆش ئـەوێ )
ئەمەیـش پێـی دەڵێـن ئایەتـی تاقیكردنەوە، حەسـەنی بەصـری فەرموویەتـی : خەڵكی لەسـەردەمی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) دەیانفەرمـوو : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئێمـەی خواكـەی خومانمـان زۆر خـۆش دەوێـت، خـوای گـەورە پێـی خۆشـبوو كـە نیشـانەیەك بـۆ ئـەوە دابنێـت، بۆیـە ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد .

٢/ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤﴾ المائـدة : ٥٤ واتـە : ئـەی بـاوەڕداران هـەر كەسـێك لـە ئێـوە لـە دینەكـەی خـۆی پاشـگەز بێتـەوە هەڵگەڕێتـەوە ئـەوە خـوای گـەورە زەرەرو زیانـی پێناگـات، بەڵكـو خـوای گـەورە ئێـوە لەنـاو ئەبـات و كەسـانێكی تـر دێنـێ كـە خـوای گـەورە ئـەو كەسـانەی خـۆش ئـەوێ وە ئەوانیـش خـوای گەورەیـان خـۆش ئـەوێ، زەلیلـی و خۆبەكەمزانیـن و ڕەحـم و سـۆز و تـەوازوع بـۆ بـاوەڕداران دەرئەبـڕن ، بـە عیـززەت ئەبـن بەرانبـەر بـە كافـران ، جیهـاد ئەكـەن لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا و لـە لۆمـەی لۆمـەكاران ناتـرسـن لـە وتنـی حەقـدا كـە بیبینـن ، چونكـە نـە ئەجـەل نزیـك دەكاتـەوە نـە ڕزق و ڕۆژی دوور دەكاتـەوە ، خـوای گـەورە ئـەم سـیفەتانە بە هەركەسـێك ببەخشـێت ئـەوە فەزڵـی خـوای گەورەیـە بـە هـەر كەسـێك ئەبەخشـێ كـە ویسـتی لـێ بێـت).

### خوای گەورە وەصفی ئەوانی كردووە بەم وەصفانە :

١/ زەلیلـن بەرانبـەر بـە ئیمانـداران، جـا لـە گەڵیانـدا ناجەنگـن و دژایەتیـان ناكـەن و بەرانبەریـان ڕاناوەسـتن و ڕقیـان لێیـان نابێتـەوە .

٢/ بەرانبــەر بێبــاوەڕان بــە عیززەتــن، واتــە : بــە هێــزن بەرانبەریــان و زاڵــن بــە ســەریاندا.

٣/ تێدەكۆشن و جیهاد دەكەن بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی وشەی (الله) .

٤/ لە پێناوی خوای گەورەدا لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسن .

٣/ ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣﴾ یونس: ٦١ - ٦٣ خــوای گــەورە ڕوونــی كــردەوە كــەوا ئەولیــای خــوا ئەوانــەن كــە بــە ئیمانــی دڵیــان وەصــف كــراون و بــە ئەندامەكانیــان تەقــوای خــوا دەكــەن .

شەیخ لئیسلام ئیبن تەیمیە - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - فەرموویەتی :

خــوای گــەورە لــە كتێبەكەیــدا و لــە ســوننەتی پێغەمبەرەكەیــدا (ﷺ) ڕوونــی كردووەتــەوە كــەوا خــوای گــەورە لــە نــاو خەڵكیــدا ئەولیــا و خۆشەویســتانی هەیــە، وە شــەیتانیش ئەولیــا و خۆشەویســتانی هەیــە، جــا جیــاوازی لــە نێــوان ئەولیــای خــوا و ئەولیــای شــەیتاندا ئەمانەیــە :

١/ ئەولیای خوا :

خــوای گــەورە دەربارەیــان فــــەرموویەتی: ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣﴾

یونــس: ٦١ - ٦٣

٢/ ئەولیای شەیتان :

خــوای گــەورە دەربارەیــان فــــەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا سُلۡطَٰنُهُۥ ﴾ واتە : شــەیتان ﴿ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ١٠٠﴾ النحل: ١٠٠ واتە : بەڵكو توانــاو دەســەڵاتی شــەیتان تەنهــا بەســەر ئــەو كەســانەوەیە كــە شــەیتان ئەكەنــە دۆســتی خۆیــان و گوێڕایەڵــی ئەكــەن و ســەرپێچی خــوای گــەورە ئەكــەن وە ئــەو كەســانەی كــە شــەریك بــۆ خــوای گــەورە بڕیــار ئــەدەن، یــان بەهــۆی گوێڕایەڵــی شــەیتان شــەریكیان بــۆ خــوا دانــاوە .

## شەیخ لئیسلام ئیبن تەیمییە فەرموویەتی :

لە یەکێـك زیاتـر لـە زانایـان و مامۆسـتایان فەرموویانـە : (( ئەگـەر پیاوێکتـان بینـی بە هـەوادا دەفری و بەسـەر ئـاودا رێـی دەکـرد، ئـەوا پێـی مەغـرور مەبـن تاوەکـو تەماشـای راوەسـتانی بەرانبـەر فەرمانـەکان و نەهییەکانـدا دەکەن.

## ئەولیای خوا دوو چینن :

١/ پێشینە نزیکەکان .

٢/ هاوەڵانی لای راست مامناوەندەکان .

خـوای گـەورە لـە چەنـد جێگایەکـدا لـە قورئانەکەیـدا باسـی کـردووە : لەسـەرتای سـورەتی (الواقعـة) و کۆتاییەکـەی، وە لەسـورەتی : (الانسـان) و (المطففیـن) و (فاطـر) . وە بەهەشـتیش چەندیـن پلـە و پایـەی جیـاوازی تێـدا بـە جیاوازییەکی زۆر، وە ئەولیـای خـوا و ئیمانـدارە لە خواترسـەکانی خـوای گەورە لـەو پلەیانەدان بـە پێـی ئیمـان و تەقوایـان .

## بەشەکانی خەڵکی لە گەڵ ئەولیا و خۆشەویستانی خوادا :

١/ زیادەرەوەکان :

ئەوانـەن ئەگـەر باوەریـان وابـــوو کـەوا کــەسێك وەلـی خوایـە : ئـەوا لـە گەڵیـدا کۆکـە و هاورایـە لـــە هەمـــوو شـتێکدا کـە گومانـی وایـــە کـە دڵەکـەی بـۆی گیراوەتـەوە ئەوەیـش لـە خواکەیـەوە، وە خـۆی تەسـلیمی دەکات لە هەمـوو کارو بارێکیـدا .

٢/ کەمتەرخەمەکان :

هەرکەسـێك ببیـنێـت شـتێك دەڵێـت یـان کارێـك دەکات کـە لـە گـەڵ شەرعـدا کـۆك نییـە : لـە ویـلایەتـی خـوا دەری دەکات بـە گشـتی، هـــەرچەندە موجتەهیدێـك بێـت و نەیپێکابێـت .

٣/ نێوەندەکان :

ئەوانـەی کـە ئـەوان بـە مەعصـوم نازانـن و بـە تاوانباریـان نازانـن ئەگـــەر ئیجتیهادێکی هەڵەیـــان کـــرد، لـە هەمـــوو شـتێکدا شـوێنی نـاکەوێت کـە دەیڵێـت، وە حـــوکمی کافربـوون و فاسقبوون بـە سـەریدا نـادات لـە ئیجتیهادەکەیـدا .

## كەراماتی ئەولیای خوا :

١/ سابیت و جێگیره :

ئەولیـــا كــەراماتی هەیـە، خـوای گـەوره بــــەو كـــەراماته رێـــز لـــە ئەولیا لـــە خواترسـەكان دەگـــرێـــــت، وە باشـترین ئەولیـاكان ئەوانـــەن كــــە كەرامەتەكانیـان بـۆ حوججەیەكـی دینی بێـت یـان پێویسـتی موسڵمانــــان پێـی.

٢/ ئایەتێك و نیشانەیەكە بۆ پێغەمبەر (ﷺ):

ئـەو كەراماتـە رووی داوه لەبـەر بەرەكەتی شـوێنكـــەوتنـــی پێغەمبـەری خـــوا (ﷺ)، ئـەوەش لـــە راسـتیدا بەشێكە لـە ئایـەت و نیشـانەكانی پێغەمبـەری خـــوا (ﷺ).

٣/ لازیم نییە بۆ وەلییەكە :

جـا كەراماتـەكان جـاری وا هەیـە بـە پێـی پێویسـتی كەسـەكە دەبێـت، جا ئەگـەر پێویستی پێـی هەبێـت لەبـەر لاوازی ئیمانەكـەی ئـەوا ئـەو كەراماتـەی بـۆ دێـت بـۆ ئـەوەی ئیمانەكـەی پـێ بـە هێـز بكاتـەوە و پێویسـتییەكەی دابیـن بـكات، وە خەڵكـی تـر هەیـە لـە ئـەو ویلایەتیـان زیاتـره كەچـی ئـەو كەراماتەیـان بـۆ نایـەت چونكـە پێویسـتیان پێـی نییـە، جـا بۆیـە دەبینیـن لـە نـاو تابعییەكانـدا هێنـدە كەرامات هەبـووه كـە لـە نـاو هاوەڵانـدا نەبـووه .

## کارە نا ئاساییەکان :

بریتییە لەوەی کە شتێك دێت جیاواز بێت لەوەی خەڵکی لەسەری راهاتوون، وەکو ئەوەی بە ئاسماندا بفرێت، یان بە سەر ئاودا ڕێ بکات، ئەویش چوار بەشە :

١/ ئایەت:

ئەمە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان دەبێت، وە ناگوترێت (موعجیزە)، چونکە ئەوە (واتە : ئایەت) لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، وە (المعجزة) ڕەنگە هەندێ خەڵکی نەتوانن بیکەن و جگە لە پێغەمبەرانیش بیکەن، وە هیچ کەسێك بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئایەتی هەیە لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٢: کەرامەت :

لە سەر دەستی ئەولیای خوای گەورە روو دەدات، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە ئیمان و تەقوایان لە خۆیاندا کۆکردووەتەوە، وە نموونەی کەرامەت ئەوەی بە سەر هاوەڵانی ئەشکەوتدا هات (أصحاب الکهف) .

٣/ موعجیزە یان فیتنە :

لە سەر دەستی ئەولیای شەیتان روو دەدات، پێی دەزانین بە پێی حاڵی کەسەکە، نە ئیمانی هەیە و نە تەقوا، وە نموونەی موعجیزە ئەوەی لە سەر دەستی دەججال روو دەدات .

٤/ شەرمەزاری (الفضیحة) :

هەرکەسێ بە ناوی خواوە درۆ بکات، ئەوا خوای گەورە لە دونیادا شەرمەزاری دەکات پێش قیامەت، وە نموونەی شەرمەزاری ئەوەی بە سەر (مسیلمة الکذاب)دا هات، فووی کردە چاوی کەسێکی نەخۆشەوە کەچی چاوەکانی کوێر بوو .

## بەشەكانی خەڵكی لە كارە نائاساییەكاندا :

| ١/ بە درۆزان : | ٢/ زیادەرەو : | ٣/ نێوەند : |
| --- | --- | --- |
| ئـەوە بـە درۆ دەزانـێ بـۆ جگە لـە پێغەمبـەران، وە ڕەنگـە بـە گشتی بـاوەڕی پێـی هەبێـت، وە ئـەوەی بـاس دەكرێـت دەربـارەی زۆرێـك لـە خەڵكی بـە درۆی دەزانێـت چونكـە بـە ڕای ئـەو ئەوانـە لـە ئەولیـای خـوا نیـن . | وا دەزانێـت كـەوا هـەركەسـێك كارێكـی نائاسـایی بـكات ئـەوا وەلـی خوایـە . | بـاوەڕی وایـە كـەوا خـوای گـەورە ئـەوەی بیەوێـت بیبەخشـێت دەیبەخشـێتە ئـەوەی بیەوێـت لـە بەندەكانـی لـە هـەر جـۆرە كەرامەتێـك بـە شـێوەیەكی نائاسایی، بـەڵام هەمـوو كارێكی نائاسـایی كەرامـەت نییـە، بەڵكو ڕەنگە كارە نائاساییەكان لەسـەر دەسـتی جادووبـازەكان و دەججالەكانیـش ڕوو بـدات . |

## بەشەكانی خەڵكی لە كارە نائاساییەكاندا :

كورتەی جیاوازییەكانی نێوان ئەولیای خوا و ئەولیای شەیتان لە كتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم مخالفة أصحاب الجحیم ) لە نوسینی شەیخول ئیسلام (ئیبن تەیمییە) - رەحمەتی خوای لێ بێت- .

### ئەولیای خوا :

- شوێنی قورئان و سوننەت دەكەون
- بە ئیمان و تەقوا وەصف دەكرێن (خەڵكی هەمان كانزان، جیاوازی و باشترینیان بە پێی تەقوا دەبێت)
- شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكەون و لە شەریعەتەكەی دەرناچن .
- هانی خەڵكی دەدەن بە : شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ), وە ئەنجامدانی فەرزەكان و پارانەوە .
- باوەریان وایە كەوا پێغەمبەر باشترە لە وەلی، وە وەلیش بە كۆرای زانایان مەعصوم نییە .
- ئیمان و تەقوا هۆكاری كەرامەتەكەیانە ( پاداشاتی بە گوێرەی كارەكەی دەبێت)
- پێویستە لەبەر خوا خۆشیانمان بوێت و لەبەر خوا دۆستایەتیان بكەین .
- لە دووروویی دەترسن، وە بە حاڵی خۆیان كە تیایدان ناخەڵەتێن .
- لە خەڵكی خۆیان جیا ناكەنەوە، وە سوننەت بە رواڵەتیاندا دیارە .
- نە زیادەرۆییان هەیە و نە كورترەوی .
- بە ئیمان وەصف دەكرێت لە ناخەوە و بە رواڵەتیش .
- هەركەسێك باوەری وابێت كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها زانستی رواڵەتی زانیوە و باتنی نەزانیوە ئەوا كافرە .
- ویلایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوشێوەی نییە .
- بەردەوام نابن لەسەر ئەنجامدانی تاوان، ئەمەش لە نیشانەكانی خۆشویستنی خوای گەورەیە بۆ بەندەكەی .
- قەزا و قەدەر دەكەنە حوججە بۆ موصیبەتەكان نەك خراپەكان و عەیبەكان .
- شوێنی خواپەرستن لای ئەوان مزگەوتەكانە .
- ئەوپەری كەرامەت لای ئەوان دەستگرتنە بە سەقامگیرییەوە .

## ئەولیای شەیتان :

- جیاوازی قورئان و سوننەت دەکەن.
- بـە کوفـر و خراپـەکاری و فالچێتـی و جـادوو و شـێتی و زانینـی شـتەغەیبیەکان وەصف دەکرێن .
- جیاوازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن و لە شەریعەتەکەی دەردەچن .
- هانـی خەڵکـی دەدەن بـە : شـوێنکەوتنی خۆیـان، وە فـەرزەکان ئەنجـام نـادەن و داوا لـە خـوا ناکـەن .
- باوەڕیـان وایـە کـەوا وەلـی لـە پێغەمبـەر باشـترە، وە ئـەو مەعصومـە وە بـۆی هەیـە جیـاوازی کـۆڕای زانایـان بـکات
- موعجیـزە یـان فیتنـە یـان شـەرمەزاریان هەیـە، وە نابێـت یەکێـك لـە بێبـاوەڕان یـان دووروەکان وەلـی خـوا بـن، وە بـە بێباوەڕانـدا هەڵدەنێـن .
- پێویستە لەبەر خوا ببوغزێنرێن.
- لە دووڕوویی ناترسن، وە بە حاڵی خۆیان دەخەڵەتێن .
- لـە خەڵکـی خۆیـان جیـا دەکەنـەوە بـە پۆشـاکەکانیان و ریـش تاشـین و جگـە لەوانـە و بـە بێبـاوەڕان خۆیـان دەشـوبهێنن .
- زیادەڕۆیی و کورتڕەوییان هەیە .
- جیاوازی دەکەن لە نێوان ئیمانی ناخ و ڕواڵەت .
- شوێنکەوتوانیان وا دەزانن کەوا ناخ دەزانن .
- شوێنکەوتوانیان وا دەزانن کەوا کانزای پێغەمبەران و ئەولیاکان یەکن .
- شەیتانەکان هەڵیان دەخەڵەتێنن و وا دەزانن فریشتەن.
- خراپەکاران لە کاتی گوێرایەڵدا قەدەرین و لە کاتی سەرپێچیدا جەبرین .
- شـوێنکەوتوانیان باوەڕیـان وایـە کـە تایبەتمەنـدی پێغەمبەرانیـان هەیـە، وە صیفاتـی مەلائیکەتیـان هەیـە .
- باوەڕیان بە عەقیدەی حلول و وەحدەتول وجوود هەیە .
- گۆڕستانەکان دەکەنە جێی نوێژگەی خۆیان .
- ئـەو کارە دەکـەن کـە ئەحواڵـی شـەیتانی بەهێـز دەکات لـە : گوێبیسـتنی گۆرانـی و فیکـە و چەپڵـە لێـدان .

## بنەمای شەشەم:

وەڵامدانـەوەی ئـەو گومانانـەی کـە شـەیتان دایناوە، بـۆ وازهێنـان لـە قورئـان و سوننەت، وە شوێنکەوتنی بۆچوون و ئارەزووە ناکۆك و جیاوازەکان، گومانەکەش ئەوەیـە : قورئـان و سـوننەت هیـچ کەسـێ لێـی تێناگـات ئیلـلا موجتەهیدێکـی رەهـا نەبـێ، وە موجتەهیدیـش ئـەو کەسـەیە کـە : دەبێـت ئـەم سـیفاتانەو ئـەو سیفاتانەی تێدا بێت، بەچەنـد سیفەتێك کـە رەنگـە بەتەواوەتـی لـە ئەبو بەکر و عومەریشدا نەبـێ !

جا ئەگـەر مـرۆڤ ئـاوا نەبـوو، ئـەوا بـا پشـتیان لـێ بـکات وەکـو فـەرز لەسـەری بەبـێ گومـان و دوو دڵـی, وە ئەگـەر کەسـێك داوای هیدایەتیـان لـێ بـکات واتـە لـە قورئـان و سـوننەت- ئـەوا یـان کەسـێکی زەندیقـە وە یـان شـێتە لەبـەر گرانـی تێگەیشـتن لێیـان !! پاکـی و بـێ گـەردی بـۆ خـوای گـەورە و سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو، خـوای گـەورە چەنـد ئەمـەی روونکردۆتـەوە لـە شـەرع و قـەدەردا، بـە دروسـتکردن و فەرمـان کـردن لـە وەڵامـی ئـەم گومانـە نەفـرەت لێکـراوەدا لـە چەنـد روویەکـی جیـاوازەوە کـە دەگاتـە سـنووری زەرورەتـە گشـتیەکان، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾﴾ الأعـراف: ١٨٧ واتـە : بـەڵام زۆربـەی زۆری خەڵـك نایزانـن) ﴿لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٧﴾ إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ ۖ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ ﴿١١﴾﴾ یـس: ٧ - ١١ واتـە : وە وتـەو سزا لەسـەر زۆربـەی کافرانـی قورەیـش جێبەجـێ بـوو ئەوانـەی لەسـەر کوفـر مـردن، لەبـەر ئـەوەی خـوای گـەورە ئەیزانـی ئـەوان ئیمـان ناهێنـن و لەسـەر کوفـر ئەمـرن (٧) ئێمـە لەنـاو ئاگـری دۆزەخـدا کـۆت و زنجیرمـان خسـتۆتە گەردنیـان و تـا چەناگەیـان کـۆت و زنجیـر کـراوە وە سـەریان بـەرز بۆتـەوە (٨) وە لـە پێـش و پاشـیاندا بەربەسـتمان دانـاوە بـۆ ئـەوەی کـە ئیمـان نەهێنـن لەبـەر ئـەوەی شـایەنی ئیمـان هێنـان نیـن و لووتبـەرزو خۆبەگـەورەزان و عینـادن، وە پەردەشـمان داوە بـە چاویانـدا تـا حـەق نەبینـن وە ئـەوان ئـەو حەقـە

کە لەلایـەن خـوای گـەورەوە هاتـووە نايبينـن و سـودی لـێ نابينـن (٩) وە يەکسـانە بـۆ ئـەوان ئايـا ئاگاداريـان بکەيتـەوە يـان نـا ئـەوان ئيمـان ناهێنـن، چونکـە خـوای گـەورە مـۆری داوە بەسـەر دڵيانـدا (١٠) تەنهـا ئاگادارکردنـەوەی تـۆ کەسـانێك سـوودی لـێ ئەبينـن کـە شـوێنی ئـەو زيکـرە کەوتـوون کـە قورئانـی پيـرۆزە، وە لـە خـوای گـەورە ئەترسـێن لـە نهێنيـدا، وە مـوژدە بـدە بـەو کەسـانە بـە لێخۆشـبوونی خـوای گـەورەو ئەجـرو پاداشـتێکی زۆر بـاش و جـوان و چـاك (١١).

## ئيجتيهاد

لە زمانەوانيدا : هەوڵدان بۆ درککردن و گەيشتن بە کارێکی قورس و سەخت.

لە زاراوەييدا : هەوڵدان بۆ درککردن و گەيشتن بە حوکمێکی شەرعی .

## لە مەرجەکانی ئيجتيهاد :

١/ هێندە بەڵگە شەرعييەکان بزانێت کە پێويستی پێی هەبێت لە ئيجتيهادەکەيدا، وەکو ئايات و فەرموودەکانی ئەحکام.

٢/ ئەوەی کە پەيوەندی بە صەحيحی و زەعيفی فەرموودەوە هەيە بزانێت، وەکو زانينی سەنەدی فەرموودە و پياوانی ناو سەنەدی فەرموودەکە و جگە لەوانە .

٣/ ناسخ و مەنسووخ بزانێت، وە جێگاکانی ئيجماع و کۆڕای زانايان بزانێت، تاوەکو بە مەنسوخێك حوکم نەدات يان شتێك جياواز بێت لە گەڵ ئيجماع و کۆڕای زاناياندا .

٤/ ئەو بەڵگانەی کە حوکمەکانی تێدا جياوازە بزانێت, وەکو (تەخصيص) و (تەقييد) و نمونەی ئەوانە، تاوەکو حوکم نەدات بە سەر شتێکدا جياواز بێت لە گەڵ ئەوەدا .

٥/ زمان و (أصول الفقه) بزانێت کە پەيوەندی بە دەلالەتی وشەکانەوە هەيە، وەکو گشتی و تايبەت (عام و خاص) بۆ ئەوەی حوکم بدات بە گوێرەی ئەوەی دەلالەتی بۆ دەکەن .

٦/ دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە حوکمە شەرعييەکان لە بەڵگەکانييەوە دەربکات .

## ئایە ئیجتیهاد بەش بەش دەبێت ؟

بەڵێ، ئیجتیهاد بەش بەش دەبێت، لە یەك بەش لە بەشەكانی زانستدا یان لە مەسەلەیەك لە مەسەلەكانیدا.

## پێویستە لەسەر موجتەهید هەموو هەوڵ و تێكۆشانی خۆی بدات، ئەمجار ئەگەر :

١/ حوكمەكەی بۆ دەركەوت ئەوا حوكمی لەسەر دەدات : جا ئەگەر :

أ/ پێـكای : ئـەوا دوو پاداشـتی هەیـە : پاداشـتی تێكۆشـانەكەی و پاداشـتی پێكانـی حـەق، چونكـە لـە پێكانـی حەقـدا دەرخسـتنی ئـەو حەقەیـە و كاركردنـە پێـی .

ب/ ئەگـەر هەڵـەی كـرد : ئـەوا یـەك پاداشـتی هەیـە، وە خـوای گـەورە لـە هەڵەكەیشـی خـۆش دەبێـت .

٢/ وە ئەگەر حوكمەكەی بۆ روون نەبێتەوە : پێویستە لەسەری راوەستێت لە حوكمداندا، وە ئەو كاتە دروستە تەقلید بكات چونكە زەرورەتە .

## تەقلید (چاولێكردن) دوو جێگای هەیە :

١/ كەسـە موقەلییدەكە (چاولێكـەرەكان) كەسـێكی عامی بێـت، ناتوانێـت حوكمەكـە بـە خـودی خـۆی بدۆزێتەوە و دەری بهێنێـت، ئـەوە فەرزەكـەی سەرشـانی تەقلیدەكەیـە (چاولێكردنەكەیـە) : بـە بەڵگـەی ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾ (النحل: ٤٣)

٢/ كەسـی موجتەهیـد كارێكـی لـە نـاكاوی بـۆ دێتـە پێشـەوە كـە پێویسـتە كارەكـە بـە پەلـە بـكات، وە لـەو كاتەیشـدا ناتوانێـت تێرامانێـت، ئـەو كاتـە بـۆی هەیـە تەقلید بـكات .

## تەقلید (چاولێکردن) دوو جۆرە :

**١/ گشتی (عام) :**

ئەویـش ئەوەیـە کـە دەسـت بگرێـت بـە مەزهەبێکـی دیـاری کـراوەوە هەمـوو روخصـەت و عەزیمەتەکانـی وەرگرێت لـە هەمـوو کاروبـاری دینەکەیانـدا، وە زانایـان تیایـدا جیـاوازن، هەنـدێ لـە زانایـان بـە حەرامـی دەزانـن، چونکـە دەسـتگرتنی رەهـای تێدایـە بـۆ شـوێنکەوتنی جگـە لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) .

**٢/ تایبەت ( خاص) :**

وتەیەکـی دیاریکـراو لـە بابەتێکـی دیاریکـراودا وەرگرێـت، ئـەوا ئـەم کارە دروسـتە، ئەگـەر بـێ توانـا بـوو لـە زانیـن و ناسـینی حەقـدا، جا ئەگـەر :

- أ/ بە یەکجاری نەتوانێت، نەتوانینێکی حەقیقی و راستی.
- ب/ یان ئەوە بتوانێت بەڵام لە دوای مەشەققەتێکی زۆر .

**نوسەر دەڵێت :**

آخـره، والحمـد لله رب العالميـن، وصلـى الله علـى سـيّدنا محمـد وعلـى آلـه وصحبـه وسـلّم تسـليما كثيـراً الـى يـوم الديـن.

داوا لە خوا
دەکەین پاداشتی نوسەر بداتەوە بە باشترین
پاداشت، وە ئێمە لە گەڵ ئەودا لە بەهەشتی بەریندا کۆ
بکاتەوە، هەر ئەو بەخشندە و میهرەبانە، وە سوپاس و ستایش
بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وە صەڵات و سەلام لەسەر
پێغەمبەرمان موحەممەد .

## تاقیکردنەوە :

### ١/ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :

| | |
|---|---|
| بۆ کتێبی شەش بنەماکە دەخوێنین : | (١)........................................................<br>(٢)........................................................ |
| شەش بنەماکە و دژەکانی بژمێرە : | (١)........................................................<br>(٢)........................................................<br>(٣)........................................................<br>(٤)........................................................<br>(٥)........................................................<br>(٦)........................................................ |
| پێنج جیاوازی لە نێوان ئەولیای خوا و ئەولیای شەیتاندا بژمێرە : | (١)........................................................<br>(٢)........................................................<br>(٣)........................................................<br>(٤)........................................................<br>(٥)........................................................ |

## ٢/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

| |
|---|
| شەش بنەماکە : ☐ زانایان کۆکن لەسەری ☐ زانایان جیاوازن تیایدا |
| باسکردنی ژمارەیەکی دیاری کراو لە دەقەکانی قورئان و فەرمووددا : ☐ مەبەستدارە ☐ بێ مەبەستە ☐ وردەکاری تێدایە |
| بەشەکانی دەلالەت و تێگەیشتن : ☐ سێ ☐ چوار ☐ پێنج |

## بە (ڕاست) یان (هەڵە) وەڵام بدەرەوە :

| پرسیارەکان | ڕاست | هەڵە |
|---|---|---|
| هەندێ جار باسی ژمارەیەکی دیاری کراو دەکرێت و مەبەستدار نییە وەکو : دەرگاکانی بەهەشت. | ☐ | ☐ |
| هەندێ جار باسی ژمارەیەکی دیاری کراو دەکرێت و مەبەستدارە وەکو : ئەو دە کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە. | ☐ | ☐ |
| باسکردنی ژمارە لە مەجلسێکدا بەڵگەیە لەسەر زەبت کردنی مەسەلەکان و هێنانە بیری کەسەکە هەرکاتێك بیەوێت. | ☐ | ☐ |
| خوای گەورە خێری نوسەر بنوسێت بە کۆکردنەوەی مەسەلەکان بە ژماردنی . | ☐ | ☐ |

٤/ بازنەیەك بە دەوری ئەو ژمارەیەدا بدە كە مەبەستدارە
( واتە : دیاری كراوە و لەوە زیاتر نییە) لە ئەمانەی خوارەوە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| پایەكانی ئیمان | حەوت بەهەلاكەت بەرەكە | سێ بنەماكە | پێنج كار هەن لە فیترەتن |
| شوشتنی دەفر حەوت جار كاتێك سەگێك زمانی لێ دەدات | ئوممەتەكەی من دەبێتە حەفتا و سێ گروپ و تاقمەوە | دوو ئاكار لە ناو خەڵكیدا هەن كە كوفریان تێدایە | زیكرەكانی پاش نوێژە فەرزەكان |

٥/ لە نوسینەكانی شێخ موحەممەدی كوری عەبدولوەهاب دا ژمارە سنووردارەكە دیاری بكە كە ناكرێت لەوە زیاتر بێت، لەو ژمارانەی كە سنوردار نین و دەكرێت لەوانە زیاتر بكرێت :

| | | | |
|---|---|---|---|
| سێ بنچینەكە | چوار بنەماكە | دەهەلوەشێنەرەوەكەی ئیسلام | شەش بنەماكە |
| ................. | ................. | ................. | ................. |